کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
30-10-2007 23:45بەکاتی ناوەندی ئەوروپا




**ئاگادارییەک: لەکۆمەڵەی بەرەنگاربوونەوەی کوردانی کەرکوکەوە**

بۆهەموو خەڵکی کوردستانی کورد پەروەرو کوردانی شاری کەرکوکی ستەم دیدە و بەشخوراو ماف پێشێل کراو. کۆمەڵەکەمان بەتوندی هەر سازش کردنێک ڕەتدەکاتەوە لەسەر چارەنووسی شارەکەمان، ئێمەی کوردی کەرکوک کەبەشداری هەڵبژاردنمان کرد وەزۆرینەی دەنگمان بەدەست هێنا بەرێگای دیموکراسی وسەندوقەکانی دەنگدانەوە لەگەڵ هاوپەیمانەکانمان لە عەرەب وتورکمان، بۆیە ئێستاش بەهیچ شێوەیەک ڕازی نابین بەهیچ ڕێکەوتنێک کە ببێتە هۆیی دۆڕاندنی دەنگەکانمان وزلکردنی قەوارەی دووژمنەکانمان، وەشەرمەزارییە بۆ ئەندامانی ئەنجومەنی کوردیمان لە پارێزگاکەدا تەنازول بکەن لەمافی ڕەوای ئێمەی کوردی ئەم شارە بەرێککەوتنێکی ناشەرعی و ترسنۆکانە بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنێک بە ٣٢٪ بۆهەرنەتەوەیەک لە کوردوعەرەب تورکمان وە ٤٪ بۆ کلدوئاشووری. ئەگەر ئەم ڕێکەوتنە ڕاست بێت تەنها ئەوەندە بەئەندامانی کوردی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک ئەڵێین ئەمە خیانەتە لەدەستکەوتەکانی کوردی شارە تێکۆشەرەکەمان وبەرخودانە مەزنەکەی شۆڕشی ئەیلول وریبازە پیرۆزەکەی بارزانی نەمروخوێنە ئاڵەکەی (مامەریشە) وەسەرجەم شەهیدانی کوردوکوردستان کە گیانی خۆیان بەخت کرد لەو پێناوەدا.

وەبەهیچ جۆێک فشاری لایەنە عەرەبە شۆفینی یەکان و بەرەی تورکمانی جاش ئەقلیمی قبوڵ ناکەین وەچاک بزانن مێژووش ڕەحم بەکەس ناکات.

فەرماندەی

کۆمەڵەی بەرەنگاربوونەوەی کوردی کەرکوک ٢٠٠٧/١٠/٢٩

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.